قوباد تاڵەبانی: ئیدارەی نوێی کەرکووک سەلماندوویەتی بەبێ جیاوازی خزمەتی هەموو کەرکوکییەکان دەکات

قوباد تاڵەبانی: "ئیدارەی نوێی کەرکووک لە ماوەیەکی کورتدا سەلماندوویەتی بەبێ جیاوازی خزمەتی هەموو کەرکوکییەکان دەکات و هەنگاوی زۆر باش و سەرکەوتووانەیان ناوە لە خزمەتکردنی شارەکەدا، وەک پاککردنەوەی کەنان و شەقامەکان و دانانی بردی بناغەی چەندین پڕۆژەی گرنگ".

جگری سەرۆکی حکومەتی هەرێم، قوباد تاڵەبانی لەمیانەی سەردانێکی بۆ پارێزگای کەرکووک و کۆبوونەوەی لگەڵ پارێزگار ڕێبوار تەها ڕایگەیاندووە، لە دوو کۆبوونەوە جیادا لگەڵ بەڕێزان، ڕێبوار تەها، پارێزگاری کەرکووک و محەمەد ئیبراهیم حافز، سەرۆک و ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک، دەستخۆشیم لە کردن کە بە کردار سەلماندوویانە ئیدارەی نوێی کەرکووک، حکومەتی هاوپەیمانێتی و گیانی پێکەوەژیان و برایەتییان لەناو شارەکە قووتر کردووەتەوە. پشتیوانی تەواوی خۆم بۆ دووپات کردنەوە و داوام کرد زیاتر کارئاسانی بۆ وەبەرهێنەران بکەن تا لە بواری جیاوازیکاندا لە شارەکەدا وەبەرهێنان بکەن، هەوڵ بدەن گرنگی بە دەخی ژینگەی کەرکوک بدەن و ڕێژەی سەوزایی زیاتر بکەن.

هیواشمان خواست لە دوای بڕیاری دادگای فیدرال لەسەر داننان بە ئیدارەی نوێی کەرکووک، ئەو لایەنانەی تا ئێستا بایکۆتی پرۆسەکەیان کردووە بگەڕێنەوە ناو ئەنجومەنی پارێزگا و نوێنەرایەتی

خواستی ئەو هاوڕاتیانە بکەن کە لە هەڵبژاردنەکاندا متمانەیان پێ بەخشیون.